**زیرەك و حەسەن ئەیوب زادە**

.........................

ئەوەی من لە بیرەوەریم دا سەبارەت بە حەسەن زیرەك هەمە، لایەنی نەهونەری یەکەیەتی، واتە هەڵس وکەوتی ئەو سەردەمەی لە عێراق گەرابووە. بە تەواوی ناسراو بوو، لە بیرمە لە شایی ماڵی حەڵەبی کە ئەو کاتە لە تەنیشت حەوزەکەی بۆکان بوو بەزمگێر بوو، بە پاتۆڵێکی زەردی ئیندیگۆی ئەفسەری یەوە هەڵدەپەری، ژن ومنداڵ هاتبوونە تماشای، ئەو کات من منداڵ بووم، وەکو هەموو خەڵک منیش سەیری ئەو دەم وچاوە پنوك پنۆکە ڕەش هەڵگەڕاوەیم دەکرد. ئەو کاتە ماڵی ئێمە لە تەنیشت ماڵی وەستا کەریم بوو، واتە لە لای ماڵی مینەوەلی و حەمە ڕەشیدی روستەم پاڵەوان، لە پشتی قەڵای سەردار. ئەو کاتە ڕەحمانی کوڕی وەستا کەریم ژنێکی بوو بە ناوی خاتوون.

خاتوون ژنێکی سەوزەی کورتەباڵای خروخۆڵی ڕەزاشیرین بوو، نازانم چ ماوەیەك بوو لە لای رەحمان بوو، رۆژێك بوو بە **دەنگۆ** کە خاتوون ڕەدوو کەوت. خاتوون وون بوو. کەس بە مەزڵ و مەکانی نەزانی. رەحمان کەوتە پێی وشوێنی. چەند مانگێکی پێ چوو تا **خەبەر هات** کە ئەو ژنە حەسەن زیرەك هەڵیگرتووە، ئیدی بێ سەروشوێن چوو و ناوی لە کوولەکەی تەریش دا نەدەهات. کەس نەیزانی چی لێ بە سەر هات، ساڵ هاتن و رابردن کەس بە هەواڵی خاتوونی نەزانی، کەسیش نەیزانی حەسەن زیرەك ئەو ژنەی بۆ کوێ برد؟ چی لێکرد؟

واهات جارێکی دیکە لە داوەتی کەسێکی من دا لە بۆکان میدیەی زەندی کە ئەو کات ژنی حەسەن زیرەك بوو هات دە دەستمەوە، ژنێکی خوێن گەرم و قسە خۆش و جەفەنگی بوو، هەموو کەس پێی خۆش بوو لە گەڵی هەڵپەرێ و بیدوێنێ، ئەو شادی وخۆشی یەش ئەو رۆژە وەبەر من کەوتبوو، زۆرم پێخۆش بوو سەری قسەی لە گەڵ دامەزرێنم کە چی ئەو بۆخۆی دەستی پێکرد و کوتی بیستومە ژنت نییە نەخشەت لێ بێ! ئەو کاتە من کوتم جارێ بۆ من زووە با بگەمە تەمەنی حەسەن زیرەك، منیش لە جیاتی یەك هەر بە چەند ساڵ ژنێکی دێنم، ئەوەندەی من لە بیرم بێ ئەو لە بۆکان ژنێکی دیکەشی هەبووە گوایە ناوی خاتوون بووە و هەڵیگرتووە بڵێی تۆ بە خەبەری بزانی؟ پێکەنی و کوتی جا حیسابی ئەو ژنانەی کە حەسەن هەیبووە کوا بە من دەکرێ؟

ئەوەندەش دەزانم کە لە شنو قاوەخانەی بووە و بە کەساسی ژیاوە، زۆر کەس هاتوچۆیان کردووە و یەك لەوانەش ئێستا لە ویەن دەژی.

حەسەن زیرەك لە گەڵ حوسەین کوردی برای نێوانی نەبوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ژنی حوسەینی هەڵگرتبوو. گوایە ئەو ژنەی لە حوسەینی برای هەڵدەگرێ فاتمە خانم ناوێکی تەورێزی دەبێ. هونەرمەند هیچیان لە خەڵکی ئاسایی ناچێ. بە داخەوە حەسەن زیرەك گوایە ئاخر مانگەکانی ژیانی لە نەخوشخانەی بۆکان بە هەژاری و دەردەداری تێ پەر کردبوو، خەڵک بۆ دیدار و دڵدانەوەی دەستە دەستە چووبوونە لای.

خوالێخۆشبوو حەسەنی حەڵەبی مێردی زینەب خانمی کچی مینە زیرەك لە تاران پاش مەرگی حەسەن زیرەك مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشی بۆ دانا. کتێبێکی لە گۆرانی یەکان و شیعرەکانی حەسەن زیرەك ئامادە کردبوو، خەریك بوو لە چاپی بدا. نازانم مولەتی دا یان نا؟ چونکە ئەویش ئەو کاتەی رەئیسی فەرهەنگی کامیاران بوو بە ماشێنەوە چووە ژێر ترێلی و بەداخەوە خزم و کەس و خۆشەویستەکانی داغدار کرد.

حەسەن زیرەك لە گەڵ ئەوە کە سەوادی نەبووە بەڵام تەبعی شیعر و بیرێکی تیژی بووە بۆ لە بەرکردنی ئەو ئاهەنگ و شیعرانەی کە بە گوێی گەیشتوون.

حەسەن زیرەك هونەرمەندی گەلێکی بێ خودان و بێ دەوڵەت بوو کە بە هەژاری سەری نایەوە، ئەو هونەرەی هەرەبەرچاوی بە میلیون مرۆڤی کوردە کە سەرەڕای توانایی وشیاویی و هونەری خوا پێداوی، بێ پشت و پەنا و بە هەناسە ساردی دەبێ لە گۆشەی ماڵە چولێك دا بە هەژاری سەر بنێتەوە.

.....................

هەربژی و سەرکەوتووبی دڵسۆزت گۆران - ویەن ٣/٧/١٩٩٧

پاش نووسین:

..........................

---

تێبینی ڕێداکسیۆنی ١٠٠ ساڵەی زیرەک: ئەم نامەیە وەک خۆی بڵاو دەکرێتەوە. لە گفتوگۆیەکی تەلەفوونی کە ڕۆژی ١/٨/٢٠٢٠ لە گەڵ مامۆستا گۆران کرا، گوتیان، باسی نێوان ناخۆشی "حوسێن کورد و حەسەن زیرەک" و هەروەها نووسین و ئامادەکردنی کتێبی گۆرانی و شیعرەکانی زیرەک لە حەسەن حەڵەبی(دیاکۆ)ی بیستووە.

- لە سەر ئەو دوو باسە مێدیا زەندی لە وتووێژ لە گەڵ محەممەد ڕەمەزانی ساڵی 1996 کە لە کتێبی زمانی دوو لا بڵاوکراوەتەوە، دەگوترێ " ژنی حەسەن زیرەک بە ویست و خواستی دایکی زیرەک لە حوسێن کورد(برای حەسەن زیرەک) مارە دەکرێ، ئەوەش ئەو کاتەیە کە زیرەک لە زیندانی مەراغە بوو و ژنەکەی لە لای دایک بووە و دایکی پێیوانەبووە، زیرەک لە زیندان ڕزگاری دەبێ.

- هەروەها مێدیا زەندی باسی کتێبی چریکەی کوردستان دەکات کە بە هاوکاری محەممەد سەدیق موفتی زادە چاپ کراوە، ئەوەش لە سەردەمێک کە چاپ و بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی کتێبی کوردی لە ئێران یاساخ بوو.

- لە سەر ئەو کۆبوونەوەی کە لە تاران بۆ یادی حەسەن زیرەک گیراوە، بڕوانە بابەتێکی ئەنوەر سولتانی کە لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان، بەشی 100 ساڵەی زیرەک بڵاو کراوەتەوە.

ڕێداکسیۆنی 100 ساڵەی زیرەک

- ئەو شوێنانەی کە بە خاڵ دیاریی کراوە، بابەتی شەخسی بوون، کە لێرە بڵاونەکراونەتەوە.